# بڕیاری لە سێدارەدانی لاوانی هەڵەبجە و چەند سەرنجێکی یاسایی

لە ژمارە (266)ی (2006/3/22) هەفتەنامەی هاولاتی لەسەر زاری بەڕێز دادوەر(کاروان وریا عەلی) دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی هەڵەبجە هاتووە کە(هەرکەسێ بە سوتاندنی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە تۆمەتبارکرا ئەوا لە سێدارە ئەدرێت) بەپێی ماددەی (342) لە یاسای سزادانی عێراقی، ئەم چەند خاڵەی خوارەوە سەرنجێکی کورتی یاساییە لەو بۆچوونە ((زۆرپێش وەختە)) لە لایەك و ڕەوش و ((حاڵەتی یاسایی ڕووداوەکە)) لە لایەکی دیکەوە.

1- ماددەی (342)ی سزادانی عێراقی دائەنرێت بەو مادانەی کە باس لە مەترسی گشتی (الخطر العام) دەکەن بۆ سەر گیانی هاولاتیان یان ماڵی هاولاتیان، بەلام زۆر ڕۆشنە کە سوتانی ئەو مۆنۆمێنتە بەهیچ جۆرێ مەترسی بۆسەر گیانی هاولاتیان دروستنەکردووە، بەڵکو هاولاتیان خۆیان سوتاندوویانە، هەروەها مەترسی بۆسەر ماڵی هاولاتیان دروست نەکردووە وەك لە ماددەکەدا هاتووە، بەڵکو تەنها بۆتە هۆی لەناوچوونی (إتلاف) (خودی مۆمۆنێنتەکە).

ڕوداوێکی لەمجۆرە زیاتر ماددەی (477) و (478)ی سزادانی عێراق دەیگرێتەوە کە بەهیچ جۆرێ سزاکەیان ناگاتە ئاستی لە سێدارەدان.

2- تەنها بڕگەی (4) لە ماددەی (342) کە باس لە مەترسی گشتی دەکات (وەك پێشتر وتمان گەرچی ئەو ماددەیە دوورە لەو ڕوداوەوە) باسی سزای ئیعدامی تێدایە ئەویش کاتێ ئاگرەکە بێتە هۆی مردنی کەسێ، ئاشکرایە لەو ڕووداوەدا کەس بەهۆی ئاگرەکەوە گیانی لەدەست نەداوە، بەڵکو ئەوە فیشەکی برادەرانی ئاسایش بووە خەڵکی کوشتووە.

3- بەپێی ماددەی (92) لە یاسای ڕێوشوێنی دادگاییکردنی سزای عێراقی ژمارە (23)ی ساڵی (1971) (نابێ هیچ کەسێ دەستگیر بکرێ و ڕابگیرێ (التوقیف)) تەنها بە فەرمانی دادوەر نەبێ، ئایا ئەو لاوانەی هەر لە یەکەم ڕۆژی ڕووداوەکەوە دەستگیرکران بە فەرمانی دادوەری تایبەتمەند بووە، یان هێزەکانی ئاسایش ڕەشبگیرانە کێیان بە دەستەوە هاتووە گرتوویانە بەبێ ئەوەی فەرمانی دەستگیرکردنەکە پیشانی ئەو هاولاتیانە بدەن کە دەیانەوێت بیگرن، وەك لە ماددەی (93)ی هەمان یاسا ئاماژەی بۆ دەکات، تەنانەت دەبێ کەسی داواکراو زانیاری هەبێ و پیشانی بدرێ بەپێی چ ماددە و بڕگەیەك دەگیرێ و تۆمەتبارکراوە.

4- بەپێی ماددەی (218) لە هەمان یاسای سەرەوە نابێ بەهیچ جۆرێ کەسی دەستگیرکراو ئازار بدرێ و سوکایەتی پێ بکرێ بە مەبەشتی ئیعتراف پێکردنی وە هەر ئیعترافێکیش لە ئەنجامی ئەشکەنجەدانەوە بکرێ لە ڕووی یاساییەوە ئەو ئیعترافە هیچ قیمەتێکی یاسایی نییە و نابێتە بەڵگە دژی ئەو کەسە بۆ سزادانی.

جێی پرسیارە ئایا ئەو لاوانەی هەڵەبجە ئێستا لە ژوورەکانی ئاسایش گیراون یان ئەوانەی گیرابوون حاڵیان چۆنە، لە کاتێکدا بە ئاشکرا لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بەرپرسە حزبی و حکومییەکان هەڕەشەی مەرگیان ئاڕاستە ئەکردن.

5- لە کۆتاییدا ماوە بڵێین لەو تاوانە گەورانەی کە دەیاها تاوانی پیاوکوژی و دەستدرێژی بۆ سەر شەرەف و تلیاککێشییان ئەنجامداوە، بەبیانوی جێبەجێکردنی بەندەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان زەقەی چاویان دێ و لە سێدارە نادرێن، تەنانەت لەناو هۆڵی بەندیخانەکانیشدا ژیان زۆر خۆشتر بەسەر دەبەن لەچاو زۆرێك لە کوڕ و کچ و دایك و باوکی شەهیدانی خەڵکی هەڵەبجە، بەلام کوڕ و کچی برای شەهیدانی هەڵەبجە هێندە تاوانەکەیان گەورەیە تەنانەت بەندەکانی مافی مرۆڤیش نایانگرێتەوە!؟ بەڵکو لە ڕوپەڕی ڕۆژنامەکاندا ئەنوسرێت (هەرکەسێ بە سوتاندنی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە تاوانبار بکرێ ئەوا لە سێدارە ئەدرێت) لە کاتێکدا بەڕێز مام جەلال لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵێکی ئاسمانی لێیان پرسی دەربارەی لە سێدارەدانی (سەدام)ی بکوژی هەڵەبجە وتی"من لەگەڵ لە سێدارەدانیدا نیم"

پارێزەر
عوسمان شێخ سدیق
ڕاوێژکاری یاسایی لڤین